
مەسرور بارزانی: پارتی دێموکرات لەماوەیەکی نزیکدا حکوومەت پێکبهێنرێت



ئەڤە سەمەن، 10ـی شوباتی 2026، سەرکۆنزیران مەسرور بارزانی، لێبارەی رێککەوتنی پارتی و یەکێتی لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا گوتی: پێمان باشە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەیەکی زۆر نزیکدا پێکبهێنرێت، چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی کوردستاندایە.

سەبارەت بە پێکهێنانی حکوومەت و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان

مەسرور بارزانی، سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: تا ئێستا شتێکی نوێ نەبووە، ئەمە بەردەوامین لەسەر ئەوەی پێمان باشە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا پێکبێت، چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی کوردستانە. ئەمە روانگەی پارتیش بووە، چەندین جار دووپاتمان کردووەتەوە و دیسانیش دەیڵێینەوە، پارتی دێموکرات حکوومەت لە ماوەیەکی نزیکدا پێکبهێنرێت و ئیستیحقاقاتی هەڵبژاردن و ئەنجامی دەنگی خەڵک لەبەرچاو بگیرێت بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی یەکگرتووی سەرتاسەری لە هەموو کوردستاندا.

سەرکۆنزیران ئاماژەی بۆشدا، ئی پسوولە بۆشکە لەو بەرنامە چاکسازییەی کە حکوومەتی هەرێمی

کوردستان ماوەیەکی زۆر دەستی پێکردووە، وەک لە پانێڵەکەشدا باسم کرد، پێویستمان بە ژێرخانێکی ئابووری هەبوو کە تێیدا هەر هاووڵاتییەک لە کوردستان، چ فەرمانبەری حکوومەت بێت یان لە کەرتی تایبەت، ببێتە خاوەن هەژماری بانکی خۆی، ئەمە بە ئاسانی بتوانن خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان لە سێکتەری بانکی و لە پێژەیەکی وەک ئی پسوولەدا جێگیر بکەن. ئەمە هەم خزمەتگوزارییەکان ئاسانتر دەکات و هەم ئاسانکارییە بۆ هاووڵاتی تا بتوانێت لە کاتی خۆیدا پارەی خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو، کارەبا، یان هەر شتێکی تر وەک وەزارەتی ناوخۆ و هاتووچۆ بدات. ئەمە بەرچاووونی بۆ حکوومەت و شەفافییەتێکی زیاتر لە داهات و خەرجییەکاندا دروست دەکات.

مەسرور بارزانی رایگەیاند، سەبارەت بە مووچەکان، ئەمە هەمیشە دەماڵوەت بۆ هاووڵاتییان بووین کە داکۆکیکار دەبین لەسەر هەموو مافێ شایستەکانی خۆیان کوردستان. بۆیە وەک خۆتان دەزانن، ماوەیەکی زۆر بابەتی پەدانی مووچە لە دەستی بۆغدایە. دەبێت بۆغدا پابەندییەکانی خۆی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و هەموو عێراق جێبەجێ بکات و جیاوازی نەکات. هیوادارم ئێو پابەندبوونی خۆیان بۆ دەستوور پیشاڵ نەکەن و بەردەوام بن لە پەدانی مووچەکان و ئیشەکانا ناڤوتێت، بۆیە بە ڕاستی دەبێت بۆغدا وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی ئاشکرای کرد، تا ئێستا نگەیشتووینەتە هیچ ڕێککەوتنێک بۆ کاندیدێکی هاوبەش، هەرچەندە پەمان خۆشە کاندیدێک، کاندیدی کوردستان و پێکهاتەی کورد بێت نێک لایەنێک، پێشنیازی ئەوە بووە کە زێرینەی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق یان لە ڕیگەی پەرلەمانی کوردستانەوە کاندیدێک دەستنیشان بکەن کە ببێتە کاندیدی هەموو کوردستان و پێشکەشی پەرلەمانی عێراق بکرێت بۆ پێستی سەرکەکەمار.

دیدگا بۆ داهاتووی کەرتی دیجیتاڵی

مسرور بارزانی سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باسی لەوشکرد، ئەم بەرنامەیەمان دەستپێکردووە بۆ ئاوەڵی هەموو سێکتەرەکان بگرێتەوە. ئامانجمان تەنیا پەدانی پارەی کارەبا و ئاو نییە، بەڵکو مەبەستمان پێشخستنی کەرتی دیجیتاڵی، ئابووری و دارایی لە هەموو کوردستاندا. لە ماوەی داهاتوودا دەبینن کە زۆر لە خزمەتگوزارییەکانی تریش تەکنەی سیستەمی ئێپسوە دەکرێن.